# جەوهەری شیعر

کەریم دەشتی

2022

* ناوی کتێب : جەوهەری شیعر
* ناوی شاعیر : کەریم دەشتی
* ژمارەی سپاردن:          هەولێر
* چاپی یەکەم
* ئیمێل karimdashti59@yahoo.com
* ژمارەی مۆبایل 07504512785
* مافی چاپ و بڵاوکردنەوەو کۆپی و وەرگێڕانی یا دووبارە بڵاوکردنەوەی بۆ هەموو کەسێکە، تەنها مەرجێ کە دەبێ ڕەچاو بکرێت ئەوەیە، نابێ دەسکاری بکرێت، دەنا دەخرێتە ژێر باری یاساییەوە.



## بەرز بفڕە

فڕینی بەرز لە شابالّی بە هێز دایە، وەك چۆن باسووقی مەستیی، لە نێو دلّۆپ دلّۆپ بادە و شەرابی تالّ دایە، بەرزەفڕەکان هەزاران جار کەوتوون، تا بۆ یەکجار گەیشتوونەتە قوولاّیی ئاسمان، هەموو بەرزاییەکان لە کەوتن و وردوخاشبوونەوە دائەگیرسێن، زۆرجاران کەوتووم و شەختە و سەهۆڵبەندان ئێسقانیان ڕەش کردووم، تا بۆ یەك جار لە بەرزایی دەرەوشاومەتەوە، بەرزەفڕی لە نووسینی شیعردا، کاری ئەو شاعیرانەیە کە هێزی بیرکردنەوەیان شابالّی هزری پێ بەخشیوون و شیعرەکانیان لەبەرزاییدا ئەدرەوشێنەوە.

## گرواندنی ئەڵماس

ئەوەی گەرەکی بێت بەردە پیرۆزەکانی شیعر، لە ناو ڕەوەزی زماندا بدۆزێتەوە، دەبێ ڕۆحی خۆی لەگەڵ گەوهەری یەکدانەی وشەکاندا بگۆڕێتەوە، دۆزینەوەی شیعری زیندوو، گرواندنی ئەڵماسە لە ناو دڵی ڕەژوودا، ئەو کاتەی بیرۆکەی شیعرێ ئەدۆزمەوە، گیانم شەڵاڵی تەواوی ئەبەنووسییەتی وجوود دێت، ئەو کاتە جگە لە قۆپەنێ ڕەشباو هیچی تر نیم، کەواتە شیعر تواوەی ئاگرە، لە کوورەکانی سینەی شاعیردا، مەشخەڵ و بلێسەی خۆی هەیە، داگیرسان و هەڵچوونی خۆی هەیە و شاعیر لە عەدەمییەتەوە بیرۆکەی خۆی ئەدۆزێتەوە، شیعر کاری ئەفرێنەرێکە کە ناوی شاعیرە و شیعر ئاییینی ئەوە.

## مەوەستە

مەلەکان سترانی خۆیان ئەچڕن، بە ئاوازی هەزار چەشنی خۆیان، ئاگر لە تەمی بێزاری بەرئەدەن و پووشی ئایندەی خۆیان تەڵ تەڵ ئەکێشنەوە ناوەستن، وەستان کوژانەوەی تەون و چنینە، بۆیە دارستانەکانی نیشتمانی ئەبەدیی خۆیان، بە جریوە بونیات ئەنێن، من بە شیعر و ئەوان بە چڕین وەك یەك وان، ئەوانەی بە دوای مەحاڵەوەن، باوەڕیان بە وەستان نییە، هەموو ئەو شاعیرانەی کاری هزریان بەجێهێشت و وەستان، بوون بەو کانیاوانەی کە کوێر بوونەتەوە، جارێکی دی تەڕ نابنەوە، بۆیە شاعیر بۆ ئەوەی هەرگیز وشك نەبێتەوە، ئەبێت کێڵگەی هزری خۆی بە تەڕ و پاراوی بهێڵێتەوە، بۆیە نابێ بوەستێ.

## بەرەو لووتکە

بوون بە لوتکە، ئاوی کەوتن و شکست و ناسۆریی داوایە، چما لووتکە چییە؟ برینی پڕ لە سوێی شکست و داڕمان وهەرس هێنانە، بریسکەی ڕم و شمشێر ڕووناکییەتی، برین تێشوویەتی، لووتکە هەزاران جار ڕووەو لێواری مەرگی ئەوێ، من زوو زانیم لووتکەکان لە ناو دڵمانایە، بۆیە لە دامێنەکانی دڵمدا، لووتکەی سەرفیرازیم ئەفراند، ئاوی مەحاڵم خواردەوە، شیعرەکانم بە نێو هەموو ڕووبارەکانی مەینەتی گوزەریان کردووە، ئاوەهاش داڕێژراون.

## جاویدانی

ئەبێ بە شەوقەوە باوەش بۆ ژیان بکەینەوە، تا لەبەرانبەر تۆفانی نەهامەتییەکان بوەستینەوە، لەمپەرەکان ورد وخاش بکەین، ئەگینا ژیان بێڕەحمانە ورد و خاشمان ئەکات، من لەسەرەتاوە دەرگای ئەندێشەم کردەوە، باڵندەی ئەوینی ژیان لە سینەمدا هەڵکورما و لانەم بۆ گەرم کرد، بیرکردنەوەم کردە پارسەنگی ژیان و باوەشم بۆ کردەوە، ژیان باوەش بۆ ئێمە ئەکاتەوە و شیرینی خۆی بە ئیمە ئەبەخشێ، بۆیە ئێمەیش ئەبێت بیر لە ژیان بکەینەوە، ژیان ناتوانێ ئێمە بخاتە ژێر پێی خۆی، ئەوە ئێمەین نازانین بژین، شیعریش هەمان پەیمانی ژیانی پێیە، شاعیر ئەبێ بەو ڕێسایە مامەڵەی لە گەڵدا بکات، شیعر ژیانە.

## شیری ژیان

لە سەردەمی منداڵییدا، پەنجە تووتەمان بە ستوونی لەسەر زەویی دائەنا، بە شێوەیێ کە پەنجەی بەرانیمان بکەوێتە لای سەرەوە، ئینجا پەنجە تووتەی دەستەکەی ترمان ئەخستە سەر تبلی بەرانی و لە لای سەرەوەش پەنجەی بەرانیمان لە دەم ئەنا و ئەمانمژی، گوایە بەمجۆرە شیری زەویی دێتە دەممانەوە، تەواو قەناعەتمان بەو کارە هەبوو، کە شیری زەویی دێتە دەممان، هەستمان بە تام و بۆیی ئەو شیرە ئەکرد، پرۆسەی شیعریش زۆر لەو کارەی منداڵیی ئەچێت-رامبۆ گوتوویەتی شیعر پیشەی منداڵانە- قەڵەم ئەخەینە سەر کاغەز و نووری ئەو قەڵەمە هەڵئەرێژینە سەر کاغەز و ئەویش شیری شیعرمان بە ڕستە و وشەوە پێ ئەبەخشێ، هەلبەت دوای خوێندنەوە و مەعریفەیەکی زۆر، بەڵام بۆ ئەوەی شیرەکە گەرم بێت، ئەبێت هەمان قەناعەتی منداڵیمان پێ هەبێت، ئەگینا ئەو شادییەی کە لە سەردەمی منداڵیدا پێمان ئەبڕا، لە هەڵمژینی شیری زەویی دا، ئەوا لە پرۆسەی شیعر نووسیندا دەستمان ناکەوێ.

## ئێستەتیكا

هێندێ مەل هەن، لانەی خۆیان هێندە بە جوانیی دروست ئەكەن، كە هیچ جیاوازییەكیان لەگەڵ ئافرەتێ نییە، كە بە دەزووی ڕەنگاوڕەنگ جوانترین تەون ئەنەخشێنێ، تۆ ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بە دیار ڕەنگاڵەیێ وەستا بیت و هەموو زەینی خۆت بەسەرەوەی چەقبەست كردبێ، كە چۆن چۆنی ئەو ڕەنگاڵەیە، داوداو و پووش پووش ئەكێشێتەوە و بۆ ناو لانەكەی خۆی ئەبات، پاشان چۆن بە لیكی دەنووكیا بەیەكەوەیان شەتەك ئەدا، بۆ ئەوەی هێلانەكەی توندوتۆڵ بێت، ئەو كاتە بۆت ڕوون ئەبێتەوە كە چۆن ماڵی خۆی ئەدرەوشێنێتەوە، ئەوشیان ئێستەتیكای هێلانەیە، ئێ شاعیریش هەروا ئەكات، وشە وشەو دێڕ دێڕ و ڕستە ڕستە ئەگوازێتەوە ناو دەقی خۆی، تا لانەیەك بۆ شیعری خۆی خەڵق بكات، ئەمەش پرۆسەی ئێستەتیكی شیعرە، بەڵام ئەبێ بە هەمان دیقەتی ئەو ڕەنگاڵەیە بێت، تا بینای ئەندازەیی شیعرەكە لە دوورەوە تیشك ڕێژی دڵی خوێنەر بكات و گەشی بكاتەوە.

## گریانی گەرم

ئەوە ئارامیی مرۆڤە دائەکەوێ، گریان، سەدای هاوارێکی بەرزە لە ناخی گریاودا، بە زەمەندا ئەتەقێتەوە، ئەوە فرمێسکە پێمان ئەڵێت، چ سەدایەکی حەسرەتبار و خەمگینە، من زۆر گریام، گریانم بوو بە نەخشی هەزاران ڕەنگی شیعر، ئێستێ لە سەر سینەی دیوانەکانمدا چاوەڕێی تۆن، سەیری ڕەنگ و دەنگی ئەو فرمێسکانە بکەیت، من فرمیسکم نووسیوەتەوە تا بگەین بە بزەی هەتا هەتایی، ئەو شیعرانەی سەدای فیغانیان هەڵگرتووەو ڕەنگی فرمێسکیان پۆشیوە، ئەو شیعرانەن کە خەمی رۆژگاریان لە کۆڵ ناوە، بۆ ئەوەی لە مەداری هیومانیزمییەت بسووڕێنەوەو شریخەی باڵیان بێت، شیعر دووباڵی گرینگی هەیە، باڵێ بۆ جوانی تا دونیا پڕ کات لە نەشئەی رزگار بوون لە وەرسیی کەون و باڵێ بۆ ئینسانییەت، بۆ گەیشتن بە ئازادی.

## یادەوەرییەکان

پڕن لە کووپە لیرەی نەستەق، یادەوەرییەکان، تاڵ و شیرینی، بەرهەمی وشکەوەبووی پڕ لە تام و بۆی یادەوەرین، هەن لە تاڵییەکانی ئەم یادەوەرییەدا، هەنگوینی شیعری جاویدانی ئەگروێنن، هەشن لە شیرینییەکانیدا کاشانی تاسان و مەینەتی و ئازار ئەچننەوە، من لە مەینەتی و تاڵییەکاندا، نانی یادەورییەکانم ڕشاند و کردمن بە شیعر، لە شکستەکانیشیا، زرێی پۆڵایینی مانەوەی مانام داڕشت، یادەوەرییەکان هێندە شیرین نین، بەڵام داهاتووکان شیرینیان کردوون، شیعر لە نێوان ئەو دوو ڕاڕەوەدا ، ژیانی مانابەخشی خۆی بەڕێئەکات، هەرگیز لە شەختەی یادەوەرییەکاندا ناپەنگێتەوە، لە ئاوونگ و خوناوەیشیا مەلەی جاویدانی ئەکات، ئەمەشوناسی داهێنانە، شوناسی شیعری زیندووە.

## ئـاگری شیـعر

ئەوەی گیای ڕسکاند، تەنهایی زەویی بوو، وەك چۆن ترێی ناو ڕەزەکان، مەلەکان شەڵاڵی مەستیی جریوە و  ستران ئەکات، وەك چۆن ڕسکان، بێدەنگی هەنار بە مەجازی شەقبوون ئەنووسێتەوە، سەرسامی دروست ئەکات، ئاواش ئاگری ناو دڵی شاعیر، شیعر ئەرسکێنێ و داهێنان ئەبەشێتەوە، کەواتە هەموو شاعیرێ ئاگری خۆی هەیە، ئاگری هیچ شاعیرێ لە ئاگری ئەوەی تر ناچێ، هەموو ئەو شیعرانەی لەگەڵ لەدایکبوونیانەوە، بە ناکامی سەر ئەنێنەوە، ئەو شیعرانەن، کە شاعیرەکانیان لە چەمکی ئاگری شیعر نەگەیشتوون.

## کاژگۆڕیی

دەقی پرشنگدار، گواستنەوەی تاشە بەردە سەختەکانە، بەرەو ترۆپك، بڕینی لەمپەری ئاڵۆزییەکانی زمان و کێوەکانی ڕستەی مەحاڵە، بۆ گەیشتن بە خلوودی ئاگری داهێنان، فڕینە بە ناو هەورە تریشقە، فڕیدانی کاژی کەونارە، پۆشینی کاژی نووپەردازییە، من پەنحا ساڵ بەردوام کاژی تازەی وشەم دووریوەتەوە، تا لە دەریاچەی وەستان و چەقبەستیی بپەڕمەوە، بە دەستی شیعر خۆرەتاوم لەبەرکرد.

## خەمباریی ئەبەدیی

هەموو شیعره خەمگینەكانی دونیا، لەنێو خەونی مانگی شكاوی ئەوین و خۆشەویستی دا له دایك بووین، تراژیدیای شكست و كەوتن ئەگێڕنەوە، نەشئەی خۆشییەكانی ئەوین ئەگێڕنەو باس له نەهامەتییەكان ئەكەن ، شیعر چییە ؟ كۆمەڵێك نائومێدی گوڵە گەنمەكانە له باران، فیراقی ئاڵەكۆكێكی ئەبەدیی خەمگینییەتە، له بینینی ساماڵی زیوینی ئاسمان، تا ئەو كاتەی له ژێر زەوی نەشونەما ئەكات و وادەی دەركەوتنی دێت، ئیدی بەفر بەسەریا دائەباریت و ناهێڵێ سەر دەرێنێ، بەمجۆره هەرگیز ڕۆژێ له ڕۆژان ئاواتی بینینی ئاسمانی نایەتە دی، من هەموو ئەوانەم نووسیوەتەوە، كردوومن بە شكایەتی خۆم له وجوود، شكایەتی وشەكان دایانڕشتووه و ماناكان هەقیان پێداوە، شیعر هەوڵی ئەوه ئەدات پڕۆسەی ئەو نائومێدییە بخاتە ناو ڕستەو وشەوە.

## ئاسکی شیعر

ئەو پەڕە ئاڵتوونیانەی کە شاعیر، بە خوێنی خۆی ئەیاننووسێتەوە و ئەیانخاتە بەردەم بای ڕۆژگارەوە، مۆری ئەدەبیی ئەو ڕۆژگارەن، موڵکی مرۆڤایەتین، شیعر وەك تیر وایە، کە لە کەوانی سینەی شاعیردا ئەترازێ، گەڕانەوەی بۆ نییە و ئیدی مولکی شاعیر نییە، من هەر قاڵبیەکی شیعرم چنیوە، ئێستە بۆتە پاوانی سەوزی ئەو کارمامزانەی هەوای ئازادی هەڵئەمژن و ئەو خوێنەرانەی بە دوای حەقیقەتی وشەدا ئەگەڕێن، من نووسیومن، بەڵام هی ئەوانە، شیعر تاکە ژانری ئەدەبییە، کە لە ناو ماڵی خاوەنەکەی خۆی ئۆقرە ناگرێ و بەرەو هەموو فەزاکانی دیکە هەڵئەفڕێ، عەتری خۆی ئەپڕژێنێتە ناو دڵی هەموو ئەوانی ترەوە، شیعر موڵکی هەموو ئینسانییەتە، شیعر بە تەنها هی شاعیرەکە خۆی نییە.

## خاك خاك

دڵی شاعیر، پەیمانەی دەستی عاشقانە، شەرابی ئاواتی خۆیان تیا ئەخۆنەوە و بە ئەوین مەست ئەبن، شاعیر دڵی لەو خاك و خۆڵەدایە، كە هەست و هۆشی تیا ڕسكاوە و بۆتە مرواریی و هەرگیز ناتوانێ، لە ماچی گەردەنی ئەم خاكەی خۆی ببێتەوە، خاك و شاعیر ئەفرێنەرو ئەفرێنراوی یەكترین، هەموو ئەوانەی دوورە خاكی خۆیانن، ئەزانن ئینسان، یانی ئەو خاكەی لێیەوە ئەفرێنراوە ، شیعر وەك با بە دوای ئەم ڕاستییەوە كەوتووە،ئەوە هەموو جوانی خاك و زێدە، درەشانەوەی خۆی لەناو دڵی شیعردا ئەبەخشێ بە مروڤ، جا ئەگەر خاك باوەشی پڕ میهری خۆی بۆ نەوەی شاعیران نەكاتەوە، شیعر چ مانایەكی ئەبێت؟

## پەیمانەی پیرۆز

شاعیر شامەلی ناو کێڵگەی ویژدانی مرۆڤە، هەمیشە وەك دڵێکی بریندار، بریندراری دەستی ستەم و نادادیی، بریندراری ئاسۆی خوێناوی ئازادی و سەرفیرازی، لەم ڕێگەیەدا دەرگەی ئازارەکانی ئەو مرۆڤەی بەسەر ڕۆحی خۆیا کردۆتەوە، کە تەواوی خوێنەرانیش وەك ئاشقانی وشەو تێنووی شیعری مرۆڤایەتی، خۆیان لەبەر تاڤگەی خوێنینی شیعرەکانی ئەو شاعیرە ئەشۆنەوە، چونکە شاعیر تاکە هێزی ئاوارتەی ئەوانە، شیعرەکانیشی ئەو پەنجەرە کراوانەن، کە تیایانا سەیری درەوشانەوەی ئاوات و ئامانجی خۆیان ئەکەن، ئەوەیش کە ئەستێرەی ڕێز و پایەبەخشی، لە یەخەی خوێناوی شاعیر نادات، یاخود بەخششی شاعیر بە هەند هەڵناگرێت، ئەوە ڕێز لە ویژدانی خۆی ناگرێت و هەرگیز پەی بە ماهییەتی ئازادیی خۆشی نابات.

## ئەفرێنەری جوانیی

شاعیر ئەفسوەنکارێکی ڕیزپەڕە، ئەو ئەفسوونەی کە زمان ئەکا بە هەویر و لە هەویریش زەنگیانەی وشە ئەگروێنێ، دڵ و دید و ئەقڵی خوێنەرانی پێ گەش ئەکاتەوە، لە زەنگیانەی وشەشدا، ملوانکەی شیعری مرۆڤایەتی و جوانیی و ئەوین دەئافرێنێ، کەواتە ئەفرێنەری ئێستەتیکایە، نەك ئەو ئەفسوونکارەی چوکلێت ئەکا بە کۆتر، من تەمەنێکی زۆر، لە ڕووباری ئەو ئەفسوونەدا مەلەم کردووە، تا هەندێ نهێنی بچووکی شیعرم دەستکەوتووە، لە زۆر لافاو و هەورە تریشقەم داوە، ڕەوەزو هەڵدێری زۆرم ڕەتاندووە، تا پەی بە نهێنییەکانی ئەو ئەفسوونە ببەم، بۆیەکا شاعیر هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، کە خودانی زمانی پێشەنگ بێت، چونکە باش ئەزانی کە شیعر باڵاترین شیوەی ئاخاوتنە.

## ئەتمۆسفیری شیعر

زۆر کەڕەتان کە گۆزەی ئەفسووناوی شیعر ئەشکێ، مانا و دەستەواژە پیرۆزەییەکانی، وەك ملوانکەی شین هەڵئەپچڕێن، دەقی فرە میوەی لێ ئەڕسکێ، چەندین کێڵگەی بیری شاعیر سەوز ئەکات و ناچاری ئەکات بنووسێ، زۆر جاران ئەو ئەتموسفیرەی شیعر، وەك لافاو ئاوماڵکی کردووم، خۆم لە کەناران دۆزیوەتەوە، هەن لە ناو تێکچڕژانی ئەتمۆسفیری شیعردا دەستەپاچە ئەبن و قەڵەم ون ئەکەن و ئەوەستن، هەشە نە گەشی ئەتمۆسفیر و نە تێکچڕژانی ئەیوەستێنن، شاعیران سروشتێکی سەیریان هەیە، هەر خۆی شیعر لە نێو نهێنییەکاندا مەلە ئەکات و بەرەو کانیاوەکانی مرۆڤایەتی ئەپەڕێتەوە.

## شیعرییەت

شیعرییەت میوەییێکی دەگمەنە، ڕەنگە لە هەزاران هەزار ڕەزی وشە و کێڵگەی ڕستە و شیعرستاندا، دەست نەکەوێ، شیعرییەت شوناسی ڕاستەقینەی ناسینەوەی شیعر و شاعیرە، هەر چیمەنێکی شیعری ڕێحانەی شیعرییەت بەرهەم نەهێنێ، چیمەنێکی پلاستیکیە، من وا لە شیعرییەت ئەگەم، کە موگناتیسییەتی شیعر بێت، خوێنەر ڕاکێش ئەکات و شەڵاڵی نەشئە و جوانیی ئەکات، شیعرییەت مەعریفە ی شاعیرە سەبارەت بە نهێنییەکانی شیعر و هێزو بڕستی شیعرەو ئەو شیعرانەی ئاوی شیعرییەتیات نەخواردۆتەوە گیای خوێندنەوەیان بەسەردا شین نابێت و دەبێتە قسەی ڕۆژانە، هەلبەت ئەوەی کە تۆوی شیعرییەت ئەڕسکێنێ زمانی بەهێز و سەلیقەی درەوشاوەیە.

## هێزی وەشان

شاعیران خواوەندی دیدگاێیکی جیاوازن، سێوی فەلسەفەیەکی تایبەت ئەچننەوە، دەرخواردی شیعری خۆیان ئەدەن، دیدگایان بۆ شیعر و جیهانبینییان بۆ دونیا، لە باخی مەعریفەوە گرواندووە، بۆیە تەنها ئەو شاعیرانە بە سێرەی شیعری خۆیان شمشێری بێمانایی ورد و خاش ئەکەن، کە هێزی وەشان و حیکمەتی ڕستە و شوناسی مانەوەیان هەبێ، دیدگاییکی جیاوازییان هەبێ، بەو مانایە دێت، ئەوەی ئەوان هەستی پێ ئەکەن و ئەیبینن و ئەیبیستن، لە هێزی ئەوانی دیکەدا نییە، چونکە ئەوان بە هۆی جیهانبینی و دیگای مەعریفی خۆیانەوەیە، هەمان ئەو سوخەتەی داهێنانی مەزنیان بۆ دروست بووە. هێزی وەشانی شاعیران لە هەمان ئەم پرۆسێسەوەیە بەردەوامی هەیە.

## یوتوبیای شاعیر

زمان بەلەمی پەڕینەوەی شاعیرە، بۆ ناو ئەو مەودا ئەفسووناوییەی، بە درێژایی ژیانی بۆی ئەگەڕێ، هەمان ئەو مەودا شووشە ییەی، کە یۆتۆپیای شاعیرە، ئەو شوێنە پڕ لە سیستەمەی زمانی گوزارشت، تیایا مەلی ئاواتی خۆی ئەبینێ، لە شەققەی باڵ ئەدا و ئاسۆی هەزار ڕەنگی جیهانی مەجازی بۆ ئەنوێنێ، ئەم یۆتوبیایە هی تۆماس مۆر و فارابی نییە، کە یاسای وشك و برینگیان تیا بەرجەستە کردووە و جووڵەیان تیا لە قالب داوەو ئەویان تیایا نەبان کردووە ، پێیان وابوو، ژیان لەوێدا ئاواتی مرۆڤ بەدی ئەهینێ، یۆتوبیای شاعیر ماڵە گەورەکەی شیعری بەهیز و ڕەونەقدارە، لەوێیە گەنمی ڕاستی دەست ئەکەوێ و ئەو خەونە ئەفسووناوییە بە دەست ئەهێنێتەوە کە ونی کردووە، بە هۆیەوە ماڵبەدەر کراوە، ئەوەییش گەنمی ئەبیستمی شیعرییە، واتە ماڵە درەوشاوەکەی شیعر، کە ئەیگەیەنێتە ئەو ئارامستانەی بە دوایدا ئەگەڕێ، لەوێدا ژیان ئەبەدیی ڕاستیی پێ ئەبەخشرێتەوە.

لەمپەر کوژی

سەخت و دژوارە، ژیانی نووسین، مەینەتخوازە، لە لووتکەوە هەڵتئەدێرێ، گەر زرێی بەرەڤانی نەپۆشی، لە نیوەی ڕێدا دەستت پێ شل ئەکات، ڕێگاکان نە سەرەتا و نە کۆتاییان هەیە، ڕاستەقان نین، من لەمپەرەکانم وردوخاش کرد و ڕێگەی ژیانم تەخت کرد، ئاوەهاش ئەبێت ڕێگەی شیعر تەخت بکەین، وەك چۆن هەورە تریشقە ڕێگە بۆ گیا تەخت ئەکات، ئەوە تاکە ڕێگایە ئەگەر بتەوێ بچیتە ناو مەلەکووتی شیعری ڕاستەقینە، کە هەڵگری شوناسی ئەبەدیی بێت، شیعر بۆ داهێنەری مەزن بە چیا هەڵگەڕانە، بەڵام ئەوانەی کە ئەمە بە هەند هەڵناگرن، ڕەنگە کاریکی ئاسان بێت، چونکە ئەوانە بە دەست کار ئەکەن نەك بە هزرو لێکدانەوە، شیعری مەزن هزر دروستی ئەکات، کاری دەست تەنها نووسینەوەیەتی.

## بێدەنگیی مەند

بێدەنگی ناو ئاپۆڕەی مرۆڤەکان، هاوارێکی کەڤنارە، ئاوازی درەوشانەوەی یاقووتی ورد و خاشبووی مەبەستێکی مەزنە، ڕەگی لە تەقینەوەی ناخی پڕ مەعریفەدایە، زەمزەمەیەکی خەمگینە، گوزارشت لە مانا بەرزەکان ئەکات، من باس لە بێدەنگییەك ئەکەم، ڕەونەقی مانگە شەوە، لە پشتی هەورەکانەوە، هەر بۆیەش هەمیشە ئەو مێزانەم هەڵبژاردووە کە بێدەنگی پڕ هاوار حوکمی کردووە، شیعر لەناو وێڵداشیی لەدایك ئەبیت، بەڵام بێدەنگیی ناو گیان سینەی شاعیر ، نەك بیدەنگی دەوروپشت،شاعیر باکی بە هەراوزەنای دەرەوەی خۆی نییە، چونکە ئەو لەناخەوەڕا بێدەنگی هەموو دەوروبەری هەڵگرتووە، ئەو بێدەنگییەیە کە تەواوی وشەو ماناو ڕستەکان ئەخاتە سەمای ماناوە.

## جەنگ

کێ هەیە ئەندێشەی ئەو خوێنە سوور و یاقووتیانەی پێ بکرێ، کە ماشێنی جەنگەکانی پێ تەیار ئەکرێت؟ جەنگ زمانی خوێنە و نەهامەتییە، من جەنگی ئەبیستیمی ئینسانیم بەرپاکردووە، لە دژی جەنگەکان، خوێنی پیرۆزی ئینسان ئەپارێزم، ئێستەیش هەر پیموایە داری ئازادی، پێویستی بە خوێن نییە، ئازادیی موڵکی سروشتیی ئینسانە، لەگەڵ لەدایك بوونیەوە پێی براوە، ئازادیی سەرمەشقی ژیانی سەربەرزیی ئینسانە، ئەبێ شیعر لەم پێناوەدا بجەنگێ، هەر بۆیەش شاعیر لە جەنگێکی پیرۆزی بەردەوامدایە، لە پێناوی بنەبڕ کردنی جەنگی ڕق و قین و کوشت و بڕین، تاکە شاباڵێ کە شیعر هەیەتی، شاباڵی جوانی و خۆشەویستییە لە ئاستی مرۆڤایەتیدا.

## کوشتنی خورافە

بیرکردنەوەی ئینسان لە نێو باخچەی کۆنەخوازیدا، تژی خورافەیە، هەر لە ئەزەلەوە تا مەودایەکی دوور و درێژ، بە خورافە لە چەرخەڵە دابووە، ژیانی بە لەنگی چۆتە سەر، تا ئێستاش خورافە شەختەبەندی کردووە، من هەر زوو پێڵاوی خورافەم دڕاند و لەسەر پێستی قاچەکانی خۆم وەستام، خورافە نوێنەرایەتی قۆناغێکی زۆر دواکەوتوو ئەکات، مرۆڤ لە خشتە ئەبات، ئەبێ بە چەنگاڵی مەرگی هەڵواسین، شاعیر بە حوکمی ئەوەی بیرکردنەوەی بەهێزترە لە دەوروبەری خۆی، هێزێکی گەورەی هەیە بۆ کوشتنی خورافە، چونکە خورافە گەورەترین دوژمنی دژواری ئینسانە.

## گەورەبینی

گەورەترین کریستاڵی درەوشاوە، بە بچووکترین بەردە پلووکە ورد و خاش ئەبێت، ئەوەیش لە بەرزاییەکاندا ئەوانەی بنارەکان بە بچووك ئەبینێ، واهیمەی گەورەیی لاڵی کردووە، هەر زوو ئەخلیسکێ و گلۆری بنارەکان ئەبێتەوە، من هەرگیز بەرزاییەکان دیدگایان نەگۆڕیوم، نزمترین بوونەوەری بنارم بە گەورە بینیوە، کاری شاعیر بە گەورەزانینی ئەوانی دیکەیە و کاری شیعریش ڕاگرتنی ئەم گەورەییە، شاعیری گەورە هەمیشە مرۆ ئەخاتە ناو چواچێوەی پایەیێکی گەورەوە، چونکە پەی بەوە ئەبات کە مرۆڤ پیرۆزترین بوونەوەری سەر خاکە، ئەبێ پایەبەندی بکەین، ئەمەشیان شیعرەکان پیرۆزتر ئەکات.

## ماناى مەزن

ئەوەی کە باخی شیعر، تژی گیای خلوود ئەکات، هێشووە تریێ مانا بەرزەکانە ، شاعیر وەك ڕاوچییێکی تەڕ دەستی ماناکانە، لە نێو جەنگەڵستانی زماندا، ئەو تیرەی شاعیر ژێی کەوانی بۆ ئەژەنێ و نێچیری مانا ئەپێکێ، تیری ڕامان و دامانێکی قووڵە، بەدیدگای شاعیرێك، کە هێندە ماندووە، پەنجەکانی لەنێو پشکۆی وشەدا هەڵپڕووکاوە، ئیدی شیعر ماناى مەز ن و زمانی تۆکمە خەڵقی ئەکات و بەرزی ئەکاتەوە، ماناى مەزنیش بیرکردنەوەی مەزن دروستی ئەکات، وەك چۆن تەڕاتی خاك گوڵە گەنم پیرِ شیری ژیان ئەکات و قەدی پتەو تەمەنی درەخت درێژ ئەکات.

ئاگردز

ئاگری شیعر ئاگرێکی پرۆمیتۆسییه، که له خوداوەندەکان دزراوە، پرۆسەی نووسینی شیعر، پرۆسەی ئاگر دزینه له خوداوەندەکان، پرۆسەیەکی سەختە بتوانی لەناو هەناوی تیمساحدا، گراوی خۆت به زیندوویی دەربهێنیت، بۆیه کاری شاعیر سەرکێشییه، کارامه نەبێت، دەستی ئەسووتێ و هەموو وەرەقەکانی ئەبن به زوخاڵ، بەڵام شاعیر ئەو ئاگره له ناو دڵی ئەفسانەکانەوە ئەکتە ڕاستی بەرگی بلێسەی لەبەر ئەکات، بۆیه که ڕێت ئەکەوێتە ماڵی شیعرێکی مەزن هەست به گڕوکڵپەی ئەم ئاگره ئەکەیت، هەر شیعرێ تەنووری ئەو ئاگره هەڵنەگیرسێنێ، خۆڵەمێشەو هیچی تر.

### دەقڕێژی

بۆ ئەوەی بە تەواوی چییەتی خۆمانەوە، بچینە ناو جەستەی بیرۆکەی شیعرەوە، ئەوە بە تەنها زمان و قەڵەم و ئەندیشە بڕ ناکەن، چونکە دەقڕێژیی کارێکی خوڵقێنەرانەیە، پێویستی بە هەموو هەستەکانەوە هەیە، لە چێژ و ساودان و بیستن و بینین و بۆنکردن، جگە لە ناهەست، کە هەموویان بەیەکەوە کاری ئارکیولوژیستیانەی خۆیان ئەکەن. لە نێو دارستانی چڕی مانادا، بۆیە ئەبێ بە هەموو بوونی جەستەیی و هزری خۆمانەوە بەشداری لەم دەقڕێژییەی شیعر بکەین، تا شیعرەکە خۆمان بێت، خوێن ئێسقانی جەستەمانی تیا بدرەشێتەوە،هەر بەمجۆرەیە ئەتوانین لەم هەڵکۆڵینە سەختەدا بەناو خاکدا ڕوو بچین و بگەین بە ئاوی نەمریی.

## زیگزیکە

گەڕانەوە بۆ ناو یۆتۆبیای خەونی مناڵیی، یا ڕاکردن بە دوای ئەو زیگزیکەیەی، کە نەمانئەزانی بەسەر تەختە پشتی کامە گەڵاوەیە، لە پرۆسەی نووسینی شیعری ئەو شاعیرە ئەچێ، کە بەدوای ڕەنگاڵەی مانایەك ئەگەڕێ، بیکات بە دەقیکی شیعری، کە دەستیش بۆ قەڵەم ئەبات هیچی بۆ نایەت، بیرۆکەی منالیی کانی مەزنی ئەدەبیاتە، مانای گرینگی پێ ئەبەخشن، ئەدەبیاتی جیهان داهێنانی مەزنی تۆمار کردووە، بەسەر گیای ئەو مندالێتییە، سەرچاوەیەکی سرووتئامیزی شیرینی شیعرە، کە پاکێتی و ناسکی و درەوشانەوە ئەبەخشێ بە شیعر.

## ئاڵەکۆك

ئاڵەکۆك هەموو تەمەنی خۆی، لە ژێر زەوییەوە بەسەر ئەبات، کە ئەگات و ئەیەوێ سەر دەربێنێ، بەفر بەسەریا دائەکات و هەرگیز ئاسمان نابینێ، شیعریش وەك ئاڵەکۆك لە قووڵایی ژیانی شاعیردا نەش و نەما ئەکات، ئەگەر هێزی ئەوەی نەبێت سەر لە بەفری وشە دەربهێنێ، ئەوە بەدەردی ئاڵەکۆك ئەچێت و هەرگیز ئاسمانی جوانیی نابینێت، ئەوکاتەش شیعر توانای ئەوەی هەیە وەك سیوەیل بەئاسمانی وشەوە سەر دەرئەهێنێ، کە بچێتە ناو برووسکەی ماناو زمان و فۆرمێکی بەهێزەوە، ئەوەیە جاویدانی ئەبەخشێ بە شیعر.

## شوناسی شیعر

هیچ بنە پوونگێکی شیعر، بۆن و بەرامەی نەمریی هەڵنامژێ، ئەگەر لە دارستانی ئازادیدا، ئاوی زانستی ئەدەبی نەخواتەوە، کە شاعیر بۆی ئەڕەخسێنێ، چونکە شیعر وەك دەق ناتوانێ نمایشی ئەو ئەبیستیمە بکات، ئەوە شاعیرە کە ئەبێت، هەڵگری شوناسی فەریکە گەنمی ئەبیستیم بێت، کەواتە ئازادییە، جلی زیندوویی لەبەر شیعر ئەکات و بە دونیای ئەناسێنێ، شاعیر ئەبێت بە هزرێکی ئازاد و تازەو گونجاو لە گەڵگیانی سەردەم، مامەڵە لە گەڵ نووسینی شیعر بکات، ئەوسا ئەتوانێ، لە ڕووباری پڕ لە سام و خووڕی شیعردا باسکە مەلە بکات و بگاتە مەرامی ئەو مانیەی ئەو ئەیەویت.

## دڵی گەورە

دڵە گەورەکان جێگەی بچووکیی تیا نابێتەوە، نییە فریات بکەوێ، دڵی خۆت نەبێ، شەڵاڵی ئەوین و خۆشەویستی بکە، وا مەزانە بچووکە، کە پڕت کرد لە ئومێد و میهرەبانی، لەبازنەی زەویی گەورەترە، دڵی بچووك خاڵییە لە ژیان، من دڵی خۆم بە پرشەنگی میهرەبانیی ڕەنگڕێژ کرد و لە شیعرترووسکایەوە، ئەوەی دڵ ئەپڕووکێنێ ڕق و ڕاڕاییە، دڵی گەورە باخچەی هزر تژی لێکدانەوەی قووڵ و فەلسەفەی جوانیی ئەکات، بەڵام ئەوە ڕق و قینە هەرچی تروسکەی داهێنانە خامۆشی ئەکات، هەموو بەرهەمەشیعرییە ناوادارەکان هی ئەو شاعیرانەن کە دڵیان لێوڕێژی میهرەبانییە، شەرابی خۆشەویستیی مەستی کردوون.

## سەردمی بێهوودەیی

شیعر پەنای سەردەمی بیدادییە، مەتەرێزی وردوخاش کردنی تیری ژەهراوی ڕۆژگارە و ڕزگارکاری مرۆڤە لە مۆرانەی وەڕەسی و بێزاریی، هەر بۆیەش شاعیر هێزێکی گەورەیە بۆ ڕەواندنەوەی تەمتوومانی ئەم وڕەسی و بێزارییە، مرۆڤی ئەم سەردەمە دەستەپاچەی بێهوودەییە، کە ژاوە ژاوی ئەم چاخە بەرهەمی هێناوە، شاعیریش لە هەمان ئەو ڤالاییەدا ئەژیت، بەڵام ئەو زرێی مانا و بەرگریی پۆشیوە، کە ئەم ژاوە ژاوە ناتوانێ دەرگەی سینەی بکاتەوە، ئەو بە خەیاڵ و ڕامانی قووڵ ژیانێکی ئاسوودە بۆ شیعری خۆی و هەموو خوێنەرانی خۆی خوڵقاندووە، بۆیە شیعر لە ئەمڕۆکەدا پیداویستی گیانیی و زەینییە.

## بلیمەتەکان

ونبووی ڕۆژگاری خۆیانن، بلیمەتەکان، زەمەن بە تێپەڕینی سەرمەدی خۆی، بە چەشنێ دەریانئەخاتەوە، کە کەون نوقمی ڕووناکی پیرۆز ببێت، بلیمەتەکان لە ژێر دووکەڵی ڕۆژگاردا، وەك ڕووناهی ئەدرەوشێنەوە، من لە دارستانەکانی کتێب ون بووم، شیعر ڕێگەی ڕۆشنایی بۆ تەخت کردم، ئەوە بوو کەوتمە ناو ڕوناکستانی شیعرەوە، کە ئێستاش لە نێو ئەم ڕووناکستانەوە تیشکی خۆم بۆ دەوروبەرم داوێم، تەواوی وشەکانم شەڵاڵی ترووسکە و باق و بریق و دەنگ جریوەی ڕووناهی بووە، ئەوەی بیەوێ لەئۆکیانووسی شیعردا مەلە بکات ئەبێت کەشتی گەورەی ڕۆشنایی لە خنکانی وشە ڕزگاری بکات، ئەگینا هەموو هەوڵ و تەقەللای بە با ئەچێت.

## کتێب، حیکمەتی دونیا

هەندێ درەخت و ڕووەکی دەگمەن هەن، کەم چەشنن لە سروشتدا، ئەبێ ساڵ دوانزەی مانگ ڕەگیان لە ناو ئاوا بێت، ئەگینا ناژین و ئەمرن، سرووشتی خۆیانە و هەرگیز ناگۆڕێن، دەکرێ ئەو دەگمەنسازییە بۆ شیعریش بگونجێ، چونکە شیعریش تونای هەناسەدانی نامینێ ئەگەر ئاوی بەردەوامی خوێندنەوەی کتێبی بەسەرا نەکرێت، شیعر بێ خوێندنەوەی فیکر و ئەدەبیات و رۆشنبیریی سەردەم ئەمرێت و هەرگیز لە دایك نابێت، بۆ شاعیر گرینگە، هەمیشە لە ناو دارستانی کتێب و مەعریفەدا، ماڵی شیعری خۆی چێ بکات، ئەگینا نابێتە خاوەن دەقێکی داهێنان ئامێز.

## شاعیر دونیا جوان ئەکات

زۆر جاران ئەپرسین کە ئاخۆ شاعیر چی ئەکات ؟ پرسیارێکی بە جێیە، لە وەڵامدا ئەڵێم شاعیر دونیا جوان ئەکات و بۆ ئازادیی ئەجەنگێ، کێڵگەکان ئەکێڵێ و ئاوی چیاکانیانی بۆ ئەهێنێ، کۆلارە بۆ مناڵان دروست ئەکات و دان بۆ کۆترەکان هەڵئەڕێژێ، هاوارە بۆ بێدەنگەکان، چاوە بۆ مرۆڤ، شاعیر هەوڵ ئەدات ئەم جیهانە ناشیرینە سەر لە نوێ جوان بکاتەوە، هەنجەتێك بۆ بەردەوامی ژیان بدۆزێتەوە، هەموو ئەو کارانەی کە شاعیر ئەنجامی ئەدا، لە ڕێگەی داڕشتنی شیعرەوەیە ، کەواتە شیعر و شاعیر، لە دایك بووی یەك بیرۆکەی مرۆڤایەتین، دواجار ڕێگەی ئازادیمان بۆ تەخت ئەکەن بە گیای داهێنان دایئەپۆشن، شاعیر ئارکیۆلوژستێکی دوای دۆزینەوەی ڕاستییەکانە.

## دروشم

یەکێ لەو نەهامەنییانەی کە جەستەی شیعر ئەخاتە ناو فەرامۆشیی ئەدەبیاتەوە، خۆ بەستنەوەیە بەو دروشمانەی کە گیزانی سەر گەردەنی شیعرن، هەموو ئەو شیعرانەی ژەهری دروشم ئەخۆنەوە، بە شیری ئایدیۆلۆژیا فرچکیان گرتووە، کە دواجار ئەبێتە شمشێرەکەی دیموکلیس و مووی دروشمەکانی ئەپسێ و گەردەنی شاعیرەکەش شەق ئەکات، ئایدیولۆژیا دوژمنی داهێنانە و شاعیری دۆگما دروست ئەکات، هەموو ئەو شیعرانەی کە دروشمێکیا هەڵگرتووە، لەگەڵ مردنی شاعیر ئەنێژۆێن و نامێنن.

دوور بڕوانه

تۆ شاعیری، دوور بڕوانه، دوورتر له ئاسۆی ئێوارانی سروشت، بچۆره نێو شیوەری فەزاکان، پەیواری سروشت شەت و پەت بکە، وەك ئەوەی خۆت هەڵۆی ئەم کەونە بیت، وەك ئەوەی بەردەوام له چاوەڕوانی هاتنی فریشتەی شیعر دا بیت، ئەو فریشتە نادیارەی بەناو خوێنتا گوزەر ئەکات و نایبینیت، لەو دەمەیڕا کە گەرەکتە چەند ڕستەیێ لە دەفتەری سینەت تۆمار بکەیت و داهێنانێ پێشکەش بە خوێنەرانت بکەی، هەموو خەیاڵەکانی ناو سەرت هەڵمەڕێژە، هەندێکی هێوێن بێژ بکەو بۆ خەونێکی دی، چونکە داهێنان دەم و دەست نایەتە دی، شیعری مەزن، دووربینی و هێمنی ئەوێت، مەبەستی مرۆایەتییە، هەوڵ بدە بە مەزنی بێتە کایەوە، شاعیران پەرستگای پیرۆزی شیعری جوان و مرۆیین، با ئەو سرووتەی هەر بە پیرۆزی بمێنێتەوە.

## گەوهەری ونبوو

هەموو ئارەزووەکانی شاعیر ڕۆچوونە بە نێو نهێنییەکانی دەروون، نهێنییەکانی ناخی مرۆڤ، شاعیر لەو کەسە ئەچێت کە گەوهەرێکی ون کردبێت و هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەو گەوهەرەدا بێت، بە ئومێدی ئەوەی کە بیدۆزێتەوە، گەوهەری ونبووی شاعیر بیرۆکەی شیعرە، وشەی جوانە، ڕستەی یاقووتی یەکدانەیە، بۆیە لە دەرگای هەموو کتێبێك ئەدا و کۆڵانەکانی هەموو فەرهەنگەکان ئەگەڕێ، پیاسە بە نێو باخەکانی هەموو ڕستەیەکا ئەکات، تا بتوانێ ئەو بیرۆکەیە بدۆزێتەوە کە مەبەستییەتی، کاتێکیش ئەیدۆزێتەوە، ئەوە ئارامی نامینێت، تا ئەو گەوهەرە لە گەردنی فۆرمێك ئەکات و پێشکەشی خوێنەرانی ئەکات، کەس ئەوەندەی شاعیر بە پەلە نییە کە هەمان ئەو شیعرەی، بەرچاوی خوێنەر بکەوێت.

## فیلم

هەندێ فیلمی سینەمایی هەن، کە بە ئاوی شیعر شۆراونەتەوە، چاوی بینەر تیژتر ئەکەن، شەهدی جوانییان لێ ئەتکێتەوە، هەم لە ڕووی تەکنیك و هەم لە ڕووی ناوەرۆکەوە، ئەخوازم بڵێم بینینی فیلمی سینەمایی، سەرچاوەیەکی گرینگە، کە شاعیر بتوانێ سوودیان لێ وەر بگرێت و قاڵی شیعریان پێ ڕەنگاو ڕەنگ بکات، فیلم لە زاکیرە ئەمێنێتەوە ئەبێتە هەوێنی بیرۆکەی شیعری، بۆیە بۆتە پێداویستییەکی حەتمی، کە شاعیران ئەبێ فیلم ببینن و سوودی لێ وەرگرن.

شیعری گیابەند

ئەرێ لەنێو دەشت و مەزراکاندا بینیوتە، کە چەندین گوڵە گیای مەکرۆ، لەسەر یەك بنەچەدا سەوز ئەچنەوە؟ ئەگەر زەینی خۆت دابیتێ، ئەوە لە ڕۆخانەی جۆگە و جۆباری شاخانیش، زۆرجاران هەست بە ڕێزنە گیایێ ئەکەیت، کە هەموو لکەکانی لەسەر یەك پنجدا هەڵیانداون، هەڵبەت ئەوە دەری ئەخات کە شوێنی ئەو گیایە کۆگەی ئاوە و ڕەگەکانی تێراو کردووە، بۆیە هەتا دێت ئەو پنجە گیایە ڕەگاژۆ ئەبێت و قۆپەنە گیا ئەڕسکێنێ، ئێ خۆ زۆر شیعریش هەن، لەیەك فۆرمدا چەندین مانا و ناوەرۆك هەڵڕژاونەتە ناو ڕستەو وشە و دێڕی ئەم شیعرە، کە هەر هەموویان لەسەر یەك بناغەی شیعریدا گەڵاڵە بووینە و بناغەی مەمکی خۆیان داناوە، سەیرکە سروشت و شیعر خزمایەتییەکی چەند بەهێزیان هەیە و لە خوێنەوە ئەگەنەوە یەکتر، هەر بۆیەش بە ڕامان لە سروشتەوە، بابەتگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ ئەدۆزینەوە بۆ شیعر.

## یادستان

ئایا شاعیر چۆن ئەتوانێ وابکات، درەختی یادستانی هەمیشە سەوز و پڕ لە ورشەی گەڵا بێت؟ هیچ یادستانێ هێزی ئەوەی نییە لە خۆڕا چالاك بێت، بەڵکو پێویستی بە جوڵێنەرێکی تایبەتی هەیە، شاعیر بە دوور کەوتنەوە لە چاوی کتێب و سەرچاوەکانی فیکری، وشك ئەکات و یادستانی ئەبێتە قەسەری پاشماوەی دروێنە، بۆیە زۆر پێویستە لە نێو دەریاچەی کتێبدا مەلە بکات، بۆ ئەوەی زاکیرە ببێتە داینەمۆی شیعر و شیعرییەت، کار کردن لە نێو سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکان، کار کردنە بۆ یادستانێکی بە هێز.

## گیانی سپی

وەك چۆن بای پاییزی دائەکا و هەرچی ژەنگ و ژاڵی درەختەکان هەیە، هەر هەموویان ڕائەماڵێ و هەموو ئەو درەختە خەمگینانە ئامادەی بەهار ئەکات، ئاوەهاش شاعیر پێویستی بەوە هەیە ناوە ناوە، خۆی ڕاتەکێنێ و هەرچی گەڵای ڕزیوی ناخی هەیە، لە ڕق و قین و تووڕەیی و بێ دڵی، هەڵیانتەکێنێ تا پاك بێتەوە، لە هەموو کرێتییەکانی ژیان، بۆ ئەوەی بە دڵێکی سپییەوە بچێتە ناو ماڵی بیرۆکە شیعرییە هیومانیزمییەکان، کە پێناسەی نەمرین، شاعیر پیویستی بە پاکبوونەوەی بەردەوام هەیە، پێویستی بە گۆڕان و نوێبوونەوە هەبە، تا هەمیشە شیعرەکانی بدرەوشێنەوە.

**شیعر شیعر**

مرۆڤ بوونەوەرێکە پێویستی بە دڵدانەوە هەیە، ئەو سەردەمەی کە تیایا ئەژی، سەردەمێکی پڕ لە ژاوە ژاوە، کە ناخی مرۆڤ ورد و خاش ئەکات، بۆیە شیعر ئەبێتە پارسەنگی بابەتی ویژدان، پەنجەرەیەك لە دڵنەوایی بۆ مرۆڤ ئەکاتەوە، تیایا هەناسەیەکی ئارام بەخش هەڵبکێشێ، ئەو ساتانەی مرۆڤ تووشی نیگەرانی ئەبێت، شیعر دادڕسی مرۆڤە نیگەرانەکانە، ئەیانپارێزێ لە وەڕەس بوون، چونکە شیعر خۆراکی گیانە، شیعر مرۆڤ ئەباتە کانگەی خەیاڵی داهینەرانەو ئەرخەوانی، ئەوە شیعرە بەهێزی بزوێنەری خۆی، ژیان شیرین ئەکات و وزەی مانەوەی مرۆ پت.

## گۆشەگیریی

مرۆڤی شاعیر، زۆر جاران تووشی گۆشەگیریی ئەبێت، ئەوەش لە ئەنجامی بیرکردنەوەی بەردەوامەوەیە، شاعیر هەمیشە و بۆ ئەبەد بیر ئەکاتەوە، چونکە کەوتۆتە ناو قاوغی شیعرەوە، شیعریش کۆرپەی بیرکردنەوەیە، ئەوەی چارەنووسی خۆی بە شیعر ببەستێتەوە، ئەستەمە وەها زوو دەسبەرداری بێت، دونیای شیعر دەنیای بیرکردنەوەیە، لە مەینەتییەکان، لە خۆشەویستی مرۆڤایەتی، لە عیشق، ئەوانەیش ڕێگەی پڕ پەنا و پێچی گۆشەگیریی بۆ ئەکەنەوە، گۆشەگیرییەك دونیای بۆ ساغ ئەکاتەوە، شاعیران کۆرپەی گۆشەگیرین.

## لانەی بەرز

ئەوانەی لە خەمی گەورەی شیعردان و دەقی مەزن ئامانجیانە، تا لە بواری داهێناندا، شوێنی خۆیان لە بەرزترین ترۆپکی درەوشاوە بپارێزن، وەك چۆن هەڵۆ لە بەرزترین لووتکەدا لانەی خۆی چێ ئەکات، ئەوانەن ئایندەی داهێنان مسۆگەر ئەکەن، هەر ئاواش شاعیر ئەبێت لەبەرزترین لووتکەی مانادا، شیعرەکانی خۆی دابڕێژێت، داڕشتنی دەقی بەرز، لە دۆزینەوەی مانای بەرز دێتە کایەوە.

## شەرابی مانا

وەك چۆن گەڵاوگوڵی پونگی ڕۆخانەی ئاوەکان، کە ئاویان لێ ئەبڕێ، زەرد هەڵئەگەڕێن و ڕۆحیان هەڵئەپڕووکێ، ئاوەهاش کە شیعر وزەی مانا بەرزەکانی لەبەر ئەبڕی، چك ئەکات، ڕستەکانی ئەژاکین، وەك پەیکەرێکی بێ گیان لەسەر سینەی کاغەزدا، ڕەش هەڵئەگەڕێ، شاعیر پێویستی بە شەرابی مانا هەیە، تا شیعرەکانی لە بەرزایی مەستی دا سوور هەڵگەڕێن و بدرەوشێنەوە.

## فۆرمی بەهێز

شیعر بە تەنها ئەو درەختە پتەوە نییە، کە بە وشە و ڕستە و ماناوە، لەبەرزاییدا گەڵای پڕ لە درەشانەوەی خۆی، لەبەر هەتاودا ڕابخات و بشنێتەوە، چونکە جگە لەوانە، شاعیر ئەبێ ماشینی هێزێکی وا بەگەڕ بخات، لە ڕووی بونیاتنانی فۆرمێکی تۆکمە و تازە، کە هێزی ئەوەی هەبێت قورسایی مانا، لەنێو ژوورەکانی خۆیدا بپارێزێت، فۆرمی بە هێز هەڵگری مانای بە هێزە.

**ستابل**

**ئەوە ئەزانیت کە هەر ڕووبارە و خوڕڕەی شیرینی خۆی هەیە و هەر شەپۆلێ دەنگی لالانەوەی خۆی هەیە، هەر گیایێ بۆن و بەرامەی لە بن نەهاتووی خۆی هەیە، ئاوەهاش هەر شاعیرە و ئاوازی هەزار تەرزی خۆی هەیە، لە هیچ ئاوازێکی دیکە ناچێ، هەوڵ بدە خاوەن نوقڵی شیعری خۆت بیت، کە لە دەمی هەموو خوێنەرێ شیرینی خۆی ببەشێتەوە.**

ئاوا بوون

که دوا ترمیسکی وشی خۆرەتاو، کۆڕی زیندووان جێ ئەهێڵێ، زەویی و فەزا، ئەبنە هەوێزی مێگەلی تاریکی، ئەو کاتە مرۆڤیش نوقمی ئاوا بوون ئەکاتەوە، ئاوا بوونی ژیان، که چەمکێکی نائومێدبەخشی هەرهەرییە،شاعیران خەڵقەندەی ناو ئاوا بوونن، شیعری خۆیان تیا داڕشتووە، ئاوا بوون موژدەی ئاوا بوونی گیان ئەبەشنەوە، شاعیران دوا تیشکی ئاوا نەبوونی جاویدانین، بۆیە هەمیشە بیر لەو ساتانە ئەکەنەوە، که هەرگیز ئاوا بوونی تیا نەبێت، ئاوابوون سەرەتای خەمگینییە.

سەفەر بکە

گەشت کردن بە نێو کۆڵانەکانی دونیا و چەم و ڕووبار و دەریادا، جیهانی ساردەوەبووی بەرچاووت، گەرم و گوڕ ئەکاتەوە، ڕەنگەکان ئەگۆڕێت، ئەزموونوکانی شاعیر تێرتر و پڕتر ئەکات، گەشت بە نێو کتێب و دونیادا، بنەماکانی شیعر پتەوتر ئەکات، بڕۆ دونیا ببینە، تا بینابیت ڕەنگاو ڕەنگ بێ و ئەزموونت بە هێز تر بێت، گەشت و شیعر هاوئاوازن.

دڵنەوایی

لە شەوی درێژی ژیاندا، کە کارەساتەکان سینەی مرۆڤیان هەلا هەلا کردووە، سەر هەڵبڕە و تەماشای ئەو هەموو جوانییە بکە، کە مانگ و ئەستیرەکان، لە سێرەی ئاسماندا خوڵقاندوویانە، هەست بە دڵنەوایی وجوانیی دونیا ئەکەیت، ئەوەیان دۆخێك لە ناخی شاعیر دروست ئەکات و بەرەو نووسینی دەقێکدا هەڵیئەماڵێ، ئەمەش دەقی بیرکردنەوەیە لە کەون، فەلسەفەی ئەبەدیی شاعیران.

ئەفرێنەری جوانیی

ئەو هونەرمەندەی کە بە خوێنی پەنجەکانی، وێنەی ئاسکێکی دوور دوور، لە نێو پاوانی سروشتدا ڕەنگڕێژ ئەکات، کە لە ئەندێشەی فڕیندایە، هەمان کاری ئەو شاعیرە ئەکات، کە بە خوێنی قەڵەمەکەی چیرۆکی ئەو دایکە دائەڕێژێ، کە لە بەفرانبارا سەمای ئاگر دائەگیرسێنێ، تا ژیان گەرم و گوڕ بکات، یەکیان بە وێنە و ئەویتر بە شیعر، ژیان جوان ئەکەن.

## ڕابردووەکان

نۆستالگیا تەڕەی ڕۆحی پڕ لەزەتی شاعیرانە، گەنمی ئەمبارکراوی ناو سینەیانە، شاعیر ئەتوانێ لە قوڕی نۆستالگیادا. خشتی زێڕینی شیعر، لە قاڵب بدا و داهێنانی لێ بخوڵقێنێ، غەریبی کردنی ڕابردوو ئەبەدییە، هیچ کەسێ ناتوانێ تامی هەنگوینی ڕابردووی لە دەم بچێتەوە، هەمان ئەو ڕابردووە بابەتی شیعری پاراوی لێ دێتە کایەوە، شاعیران دۆستی دێرینی رابردووە دێرینەکانی خۆیانن، پێداویستییەکی سەرەکییە بۆ ئایندەسازی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی.

## ئاڵتونی کلاسیك

زیوەری کلاسیك هەرگیز لە گەشانەوە خۆی ناکەوێ، گەڕانەوە بۆ کانیاوی کلاسیك، گەڕانەوەیەکی ئەبەدییە، بەرەو کانگەی شیعر، ئەگەرچی خۆیان نەماون، بەڵام میراتە ئەدەبییەکەیان، شەهدی شیعریان لێ ئەچۆڕێتەوە، وەك چۆن کانیاوەکان دێهاتەکان تێراوی سازگار ئەکەن، ئەگەر وشکیش بکەن، بەڵام ئەوان هەمیشە لە یادی ئەو کانیاوانەن، بنەما بە کلاسیك توندوتۆڵ ئەبێ، پێویستە بەردەوام کلاسیك بخوێندرێتەوە.

## کۆڤان

که دایکێ کۆرپەکەی خۆی ڕائەژەنێ و بە دەم چڕینی بالۆرە و لاواندنەوەدا، ورد ورد گەوهەری چاوەکانی هەڵئەپڕژێ، ئەوە کۆڤانی کەونارە لە دڵ و دەروونیدا ئەکولێتەوە، شاعیریش کە بە تەوژمی کۆڤانی هەزار چەشنی خۆیەوە ئەتلێتەوە، وشە تەڕ و سەنگینەکانی وەك تاڤگە لە پەنجەدا دێتە خوارەوە، دەقی شیعری دائەگیرسێ، شیعریش کۆرپەی برینەکانی شاعیرە.

## شیعر و تەنهایی

تەنهایی بوو دانتی گرواند و ڕۆمی بە تەکییەی ڕۆح سپارد، تەنهایی ئەو گوڵەیە کە لە پەنا تاشەیەکا شین ئەبێت، کە هەرگیز بارانی ناگاتێ، من لە تەنهاییدا تەنهاترین شیعرم نووسی، کە شەراب تەنها بوو، مەستیی هێنایە کایەوە، شاعیر و تەنیایی جمکەن، تەنهایی بەو مانایە نا کە دەوروبە چۆڵ بێ، بەڵکو ئەو تەنهاییەی کە ناخ هەڵئەپروکێنێ.

## شیعری سەراب دیدە

هەندێ لە باڵندە کۆچەرییەکان، کە لە گەرمیانەوە بۆ کوێستان کۆچ ئەکەنەوە، واهیمەی ئاو و ڕووبارەکان سەریان لێ ئەشیوێنن، بۆیە هەر لەبەرزاییەکانەوە سەرا و سەر خۆیان بە چەقێنی زەوییەوە دائەدەن، ئەوانە باڵندەی سەراب دیدەن و خەونی ئاو باڵیان ئەشکێنێ، وا ئەزانن ئەوەی لە بەرزاییەوە ئەیبینن ئاوە، نازانن سەرابە، هەندێ شاعیریش بە دەردی ئەو سەرابە ئەچن و دەقێك دائەڕیژن وا ئەزانن شیعرە، بەڵام سەرابە و هیچی تر، ئەوانە شاعیری سەراب دیدەن.

## ئامانجی شیعر

مەلەکان بە دوو باڵی ئەفسانەیی خۆیان، سەراپای ڤالایی ئاسمان تەی ئەکەن، ڕۆحیان پڕیەتی لە ئاواتی ئەبەدیی ئازادیی هەڵفڕین، شیعریش بە شاباڵی وشە و پەڕوپۆی ڕستەوە، هەمیشە لە هەڵفڕین دایە، بەرە و ئامانجی ئازادیی و ڕەهابوون لە بێدادیی، هەڵفڕین مەبەستی هەرهەریی شیعرە گەورە و مانا گەورەکانە، شاعیرەکانیش شاباڵی ئەو شیعرانەن.

## بیرۆکەیەکی منالّیی

بیرم دێتەوە لە سەردەمی منالّییدا، وازی حەمامۆکێمان بە قوورِ ئەکرد، ئەم وازییە بریتی بوو لەدروست کردنی گردێکی بچووك و خرِ، ئیدی بەردەوام دەستمان بە قوورِی ئەو گردە دائەهێنا، تا ئەو کاتەی موێك بەدیار ئەکەوت، ئەگەر ئەو مووەمان نەدۆزیبایەوە، ئەوە یەکسەر ئەمانرِووخاند و دەستمان پێ ئەکردەوە، وا بیر ئەکەمەوە ئەمە بیرۆکەیەکی باش بێت، بۆ نووسینی شیعر و لە شیعرا پیادەی بکەین، واتە لە کاتی نووسینی شیعرا ئەگەر مووی شیعرییەتی شیعرەکەی تیا نەدۆزینەوە، ئەبێ رِەشی بکەینەوە و سەر لە نوێ دەست پێ بکەینەوە، تا ئەو کاتەی مووی شیعرییەت ئەدۆزینەوە، ئەو کاتە پرِۆژەی دەقە شیعرییەکەمان کۆتایی پێدێت.

سیرەی نەوڕەس

جوانیی لە هەموو شوێنێکدایە، کە سەرچاوەی پرشنگیەکانی بوونن، کاتێك لە کەنار دەریایێ ئەوەستیت، دەنگی شەپۆل و سیرەی نەوڕەسەکان و جووڵەی ماسییەکان، ئەتخەنە ناو ئەندێشەی ناکۆتای خۆیانەوە، بۆیە جوانییەکانی شوێن کاریگەرێتی درەوشانەوەی خۆیان هەیە، بەسەر پرۆسەی نووسینی شیعرەوە، چونکە شیعر بوونەوەرێکی ئاوارتەیە و لە نێو فریزی سەوزی ئیستەتیکادا پەڕوپۆ ئەبێت.

## زیوەری وشە

هەموو ئەوانەی سەر و سەودایان لە گەڵ میوە شووشەییەکانی ناو لەپی سروشتە، زۆر تەڕدەستن لە ڕنین و چنینی بەرهەمەکانی خۆیان، بە شێوەیەك کە بینەر هەست بە تام و چێژیان ئەکات، پیشەی شاعیرانیش لە ڕێکدانەوەی زەڕ و زیوەری وشەکان، لە نێو مەرکانەی شیعردا، بە هەمان شێوەی ڕێکدانەوەی میوەکانە، شیعر میوەی گیانە.

## هاوڕەگەز

که لە دوورەوە سەیری دارستانە چڕەکان ئەکەیت، لەژێر تیشکی خۆرەتاودا، وەك ئاڵتوونی ئازەری ئەدرەوشێنەوە، ئەوە درەوشانەوەی شیعرییەتی جووڵەی ئەو درەختانەن، کەبە هەزاران هەزار تەن، جیلوەی سێبەرییان بۆ شلکە نەمامەکانی ژێریان پاراستووە، هەرواش ئەوە شیعرییەتی دەقە بە هەمان ریتمی جیلوە بەخشەوە، دڵنەوایی ئەبەخشێ بە خوێنەر، شیعر هاوڕەگەزی درەختە، شیعرییەت جیلوەبەخشی شیعرە.

## تەنووری شیعر

ئەو کولێرە زێڕانەی دەستی میهرەبانیی، لەنێو دڵی تەنووردا دەریدەهێنێ و وەك یاقووتی سوور ئەدرەو شێنەوە، لە دایکبووی ئاگرێکی پیرۆزن، کە بوونی مرۆڤ لە برسیەتی ڕزگار ئەکەن، هەرواش ئەو شیعرەی وەك ئاسکێکی زەردباوی زێڕین، لەناو سینەی شاعیردا، هەڵئەبەزێتە ناو پاوانی ژیان، بەرهەمی ئاگری ناو سینەی پڕ لە جۆششی شاعیرە، کە ڕۆحی خوێنەر لە وەڕەسی هەبووندا ڕزگار ئەکات، شاعیر تەنووری ڕووناکییە.

## شەتڵی شیعر

تا ئەو دەمەی کە هێرۆی وشەی پڕ مانا، لە ژێر چەقین و زوورگی نهێنییەکاندا ئەڕسکێ و مشت و ماڵ ئەبێت، ئەوە بەردەوام پێویستیمان بە درەختی ئەرخەوانی بیرکردنەوە هەیە، بیرکردنەوە لە چرۆ کردنی زمان، تا شەتڵی سەوزی شیعری باراناوی و پڕ لە تەمتوومانی جوانیی سەرهەڵبدا، ئەوسا شیعری مەزن ئەڕسکێ، شاعیر کوڕی بیرکردنەوە و رامانە.هەتا ئاویش لە هەڵچوونیا، هەموو ئەو خاشاك و تەپ و پات و پاتاڵانە، کێوماڵ ئەکات و فڕێیان ئەداتە کەنارەوە، شاعیریش کە هاوزای ئاوە، ناتوانێ ئەو هەموو شڕوشیتاڵەی ناو دێڕ و ڕستەکان بەخێو بکات، بۆ ئەوەی شیعرەکانی بە ڕەزم و نەزمی ئاو هەڵڕژێن، شاعیران ئاوکووفی ئاوون.

## مەلەکووتی شیعر

که له نێو ڤالایی ئەم کەونەدا، وەك مەلێکی ماندوو به سەر چیمەنێکەوە هەڵئەکورمێم، سەیری ئەو هەموو ڕیسە گیاو و گەڵاو گوڵ و کوڵیکانە ئەکەم، کە زەوی ئەیانگروێنێ، مرۆڤ تووشی سەرسامی و ئەندێشە ئەبێت، تەواو وەك ئەوەی بچینە ناو مەلەکووتی شیعرێ، ئاخۆ کام شاعیری مەزنە هاتۆتە ئاستی خاکەوە، وەها بە ڕیتمی جوانیی، دەروونمان پڕ لە ئیستەتیکا ئەکات؟

بورجی سپی

له نێو پایتەختی تاقانەی شیعردا، تەلارێ، وەك بورجێکی سپی ئەدرەوشێتەوە، کە ئەویش تەلاری زمان و ڕەوانبێژییە، وەك موگناتیس ڕامانئەکێشن، شیعر پێویستی بەوە هەیە، کە لە نێو ئەم تەلارەدا شەهدی بابەتەکان چەشەڕێژ بکات، چونکە هەرگیز ناتوانێ پڕ بە سییەکانی هەناسە هەڵمژێ، لەپەنجەرەی ئەو تەلارانەوە نەبێت، زمانی ڕەوان، کتێبی پیرۆزی عاشقانە، کتێبی شیعری سەنگین.

## عەتری شیعر

کاتێ ئەو زەوییانەی لە کشت و کێڵدا هەناویان هەڵئەدڕێن و شەقار شەقار ئەبن، خاك و خۆڵی ناو ڕۆحیان ، وەك زیو ئەکەوێتە بەر تیشکی هەتاو، بۆن و بەرامەی ناخیان هەبوون شەڵاڵی شەهدی ژین ئەکەن، کاتێکیش شاعیر قەڵەم لە حوبری خوێن هەڵئەهێنی و سینەی پەڕاوە کافوورییەکان مشتی ڕستە و وشەی مەرجانی ئەکات، عەتری شیعر ئەپڕژێتە فەزا و هەست بە بوونی خۆمان ئەکەین، شاعیران کێلیاری وشەن.

### شەرابی ڕووناکی

هەموو ئەشکەوتەکان دەنگ و سەدای تایبەتی خۆیان هەیە، سامی ئەو بنگەوەڕە ئەکەن بە کوانووی جریوە، سینەی پڕ لە جۆشی شاعیرانیش تژی دەنگ و سەداو هاوارە، ئەوە هاواری ئەو شیعرانەن، لە پێناوی مرۆڤایەتیدا، پەلەی هەڵفڕینیانە، بەناو دارستانی تاریکیدا، تا بیانکەن بە چراخان، شیعر و شاعیران شەرابی ڕووناکین، ڕۆشنایی ڕێگەی مەبەستن.

نۆستالگیا

تا هەتایە دەشتاییەکان، لە ژێر سێرەی گەرمی ئاسماندا، لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ڕەوی باڵندان و گوڵبەند و زەنوێرەکانن، غەریبی هاودەمیان ئەکەن، تا ڕزگاریان کەن لە تەنهایی، ئاوەهاش شاعیران لە هەر کوێیەك بن، لە نیو نۆستالژیادا ئەژین، خەون بە گەڕانەوە بۆ خاك ئەبینن، ئەوان لە غوربەتێکی هەرهەرییدا ئەژین، غوربەتی شاعیران شیعرە پەرش و بڵاو ئەبیتەوە و جیهان ئەخاتە ژێر کایگەریتی خۆیەوە.

**شا زێبار**

که باس له کانیاوی ئیلهام و بەهرە ئەکرێت، بێهوودە نییە، ڕاستییان هەیە، چونکە دوو شازێی ئاوینی مرۆڤی نووسەرن، بەڵام پیویستیان بە قایغیکی زانستی ئەدەبییەوە هەیە، ئەبێ دوو سەوڵی ئەفسووناویت هەبێت، تا یتوانین بەناویانا بپەڕینەوە، پێویستیمان یە زمانێکی تۆکمە و گوزارشتکردنێکی تۆکمەتر هەیە، وا نەبێت هەردوو زێیەکان وشك ئەکەن.

## شەوە ساردەکانی ناخ

ئایا مرۆڤ لەو سەردەمە جەنجاڵەدا، کە بێستانی هێمنی قڕوقاتی تێکەوتووە، تەکنەلۆژیا هزری تەنیوەتەوە، بۆچی مرۆڤ هێشتاکەش لە نێو شلێرستانی شیعردا، مەیلی ژیان و گوزەرانی هەیە؟ ئەوە پێمان ئەڵێت، کە شەوبۆی شیعرە، شەوە ساردەکانی بوونی مرۆڤ، پڕ لە بۆن و بەرامەی خۆی ئەکات، کەواتە شیعر پێداویستییێکی ناخی مرۆڤە و هەرگیز بەسەر ناچێت.

## تەنها خۆشەویستی

دێرینانمان پێیان وابوو، کە شیعر ئەبێت سووخەتی بڕندەی شمشێری هەبێت و لە بوارەکانی تاودان و شانازی و شۆڕشەوە بزرمێنێ، بەڵام سەردەمی ئەو مەیلانە بەسەر چووە، شیعر ئێستاکێ بە ئەوین و خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی، جاویدانی خۆی ئەپارێزێت، هەموو بابەتە شیعرییەکان کۆتاییان دێت، تەنها بابەتی ئەوین و خۆشەویستییە، کە بۆ شیعر هەتاهەتاییە و کۆتاییان بۆ نییە.

## سەردەمی نیگەرانی

لەو سەردەمەدا کە تەواوی جیهان بۆتە دیوار و لەمپەر، جوگرافیای ژیان باستێلێکی داخراو و دیدگا کوژە، مێژووی پشووی بیرکردنەوە، کەوتۆتە بەر تیری نیگەرانی، چۆن بتوانین پەنجەرەپێ لەو دەرودیوانەوە بکەینەوە؟ تا هەناسەیێکی بێ دووکەڵ هەڵمژین، تاقە پەنجەرەش لە مێژووی دروستبوونەوە تا ئێستا شیعرە، کە تا هەنووکەش ئەبێ بیکەینەوە، ژیان بێ شیعر ئەندێشە ناکرێ.

هیومانیزمییەت

بۆ ئەوەی بتوانین چیمەنی شیعر، کەرنەفاڵی ڕەنگاو ڕەنگی جاویدانی بێت، ئەبێت ستایلی گیانیمان تێکەڵی خوێنی هیومانیزمییەت بکەین، درەختی بیرکردنەوەمان لە هەموو ژەنگ و ژاڵێکی تەنگبینی و لۆکاڵی داوەشێنین، تا مانگی شیعرەکانمان شەوی تاریك و نووتەکی دونیا تریفەڕێژ بکات، ئەوەشیان پەڕینەوەیە بەرەو دونیا، بەرە و مرۆڤایەتی.

### ئاگر ئاگر

هیچ ئاگرێ ئەوەندەی ئاگری ئەوین، دڵی مرۆڤ ناکەن بە زوخاڵ، هیچ برینێکیش ئەوەندەی برینی ئەوین قووڵ نییە، ئەو جەنگەی دڵ لە ژێر نیگەرانیدا دایئەگیرسێنێ، هەرگیزخامۆش نابێتەوە، من دڵم بە زرێی ئەوین ڕیزپۆش کردووە، دڵی من دڵ نییە، کوورەی ئەوینە، ئاگری شیعر لە بلێسەی ئاگری ئەوین لەدایك بووە، بۆیە هەرگیزاو هەرگیز کۆتایی نایەت.

### دەگمەنسازی

کاتێك لەنێو زەنوێر و زەنەکێکا، چاووت ئەکەوێتە سەر دیمەنی تەڵێ نەرگز، کە خۆی لەبەر هەتاو هەڵخستووە، سەرسام ئەبێت، یا پارچە شووشەیێ، کە هەتاو لێی ئەداو ئەدرەوشێتەوە، سەرنجت بۆ خۆی ئەبات، شیعری پڕ سرووت و دڵنەوازیش ئاوا خۆی نمایش ئەکات، ئەو کات بزانە ئەو شیعرە داهێنەری جوانییە، شیعر هەڵگری دەگمەن سازییە.

## به چیا هەڵگەڕان

ئەو هەنگوینە زیوینییەی، کە خۆی لە بنی شووشەوە ئاسێ کردووە، زۆر بەتامترە لەو هەنگوینەی لە لای سەرەوەیی شووشەکەوە دەستت ئەکەوێ، چونکە بەرهەمی هەوڵێکی ڕیزپەڕە، پرۆسەی شیعریش دەقا و دەق ئاوەهایە، هەتا سەخت تر بیرۆکە لە قوڕگی هزر دەربهێنی، ئەوەندە زیاتر سیحری خۆیت پێ ئەبەخشێ، پرۆسەی شیعر پرۆسەی بە چیا هەڵگەڕانە.

بابەت

لە بەرداشی دیماهیدا، شیعر شۆڕبوونەوەیە بە ناو جەنگەڵستانی ناخ، تا دەستی لە نهێنییەکانی ئەو ناخە گیر بێ، هەر لە ئەزەلەوە شیعر، خۆدانە لە لافاو و لەهێی گەورە و خۆهەڵدانە لە تاقی بەرزی نهێنییە قووڵەکان، شیعر بە بێ ڕسکانی هەرمێی بابەت، تەلاری خۆی خاپوور ئەکات، واتە وەك چۆن ئەتەوێ مەلە بکەیت و ئەبێ ئاو هەبێت، هەرواش کە بتەوێ شیعر بنووسیت ئەبێت بابەتی خۆت هەبێت و ئەو بابەتە لە نێو خەیاڵدانی شیعریتا ، پێگەیشتبێ و ڕسکا بێت.

## ڕەگاژۆ بوون

شۆڕەبی ناچارە لە ترسی ڕەشەبا، ڕەگەکانی خۆی بە بڕست و هێزەوە، لە نێو خاکدا ڕەگاژۆ بکات، ئاوەهاش شاعیر، بۆ ڕاکردن لە بوویەری خۆی پەنا وەبەر ڕەگ و ڕیشەی خەیاڵی داهێنەرانە ببات، شاعیر بەبێ هەنگوینی خەیاڵ، دەقەکانی تفت و تاڵ هەڵئەگەڕێن، تەخت و تەلاری شیعری خۆی لەرزۆك ئەکات.

خاکیی بوون

بەو سێبەرە وەهمییەی خۆت مەنازە، کە لە مانگە شەودا زۆر گەورەی ئەبینی و پیت وایە چرای بەرزی سەر زەویت، ئەگینا وەك هەنجیری باقۆ بەر لەوەی بگەی، ئەوەرییە خوارەوە و بێ ئەوەی سێبەری بچووکی خۆشت ببینی، ئەوەی شایەنی ئەوەیە، کە پێیەوەوە بنازی، خاکی بوونتە ئەیدۆست، شاعیرێتی پێویستی بە سادەیی و خاکیی بوونە، نەك شتی دی.

**گەوهەرەکان**

**هەرگیز ناتوانیت لە ڕێگەی شیعرەوە، ببیت بە چەپکێ ڕووناکی و جەنگەڵەکان ڕووناك بکەیتەوە، بێ ئەوەی تێشووی راستەقینە ببەخشیتە هزری شیعرەکانتەوە، تاکە قاسەی شیعری ڕووناکگیر، کتێب و خوێندنەوەیە، بە بێ ئەو دوو گەوهەرە، دەقەکانت ژەهراوی ئەبن، هەلبەت ئەوانیش بەو شێوەیەی کە زەینی خۆت لە گەڵیانا شەتەك بدەیت تا بتوانی گەوهەرەکان بدۆزیتەوەو فەڕیان لێ ببینیت.**

## خەون

هەمیشە خەون بە ڕنینی ئەستێرەکانی سێرەی ئاسمانەوە ئەبینن، شاعیران، چەپك چەپك ڕووناکی ئەچننەوە و دڵی برینداری مرۆڤی پێ هەتوان ڕێژ ئەکەن، هەر خۆیان خەونی نێو خەونی گەورەی گەردوونن، لە درزی پەنجەکانیانەوە، شیعر هەڵئەڕژێ، شاعیر هەمیشە خەون بە دونیای جوانییەوە ئەبینێ.

## دیدگای بەرز

سەبەتەی زەویی و باوەشی فەزا، پڕن لە تۆو و توخمی شیعر، هەموو جوانییەکان وەك خاك و خۆڵ، لە ژێر دەست و چاوی شاعیردان، تەنها ئەوانەی تیژ نیگان، نهێنگری ئەو زێڕ و زیوەرەرانەن، بەڵام کێ میداڵی شیعریان بە گەردەنەوە هەڵئەواسێ و جوانرێژیان ئەکەن، تەنها شاعیرە دیدگا بەرزەکانن، پەی بەو نهێنییە ئەبەن.

بارانی ئەوین

شیعر چەند لەو  بنە هەڵاڵەیە ئەچێت، کە لە پەنا بەردێکدا شین بووە و  هەرگیز باران نایگرێتەوە، بەڵام کە با تاوە بارانێ هەڵئەسوورێنێتە سەرییەوە، پەرپۆیێ دەرئەکات، رەونەقی تەواوی گوڵجارەکان ئەبات، شیعریش هەر وایە، بارانی پڕ لە ئەوین و  سووتاوی دڵی شاعیر، بەسەریا هەڵنەرژێ، هەرگیز ناپشکوێ و داهێنانی لێ شین نابێت.

## گیانی سەردەم

شیعر وەك بەهێێکی تووکن، ئەبێ لە سەردەمی خۆیدا بژیت و بەخشندەی تام و بۆی ڕۆژگاری خۆی بێت، چونکە دواکەوتنی لە ڕیتمی ڕۆژگار دواکەوتنی ڕێبواری ڕێی گەیشتنە، بە یۆبۆپیای ئەو شوێنەی بۆی ئەگەڕێ، شیعر ئەبێ لەگەڵ گیانی سەردەمەکەی خۆی، پێکی شەرابی ئەبەدیی هەڵبدات و هەمووومان مەست بکات، ئەمە تەمای شیعری گەورەیە.

## سەمای فڕین

وەك چۆن هیچ لکە گیایێ سەوز نابێت، بێ دەستی میهرەبانی کڵۆرۆفیل، ئاواش هیچ شاعیرێ، بازووی مەلەی نابێ، بێ موزیکی نێو ڕستە شیعرییەکانی، هەر ئەو موزیکەیە، سەوزی ئەبەخشێ بە گەڵای شیعر و گوڵجاڕی ئەبەدییەتی لێ ئەرسکێنێ، ئەو شیعرانەی لە فڕین ڕەخسیون، زمانیان پڕ لە نەشئەی موزیك، کە خوێنەر و شاعیر ئەخاتە سەمای فڕینەوە.

**کثارسیزم**

**کثارسیزم شیری ناو فەریکە گەنمی هەموو شاعیرێکی سەوداسەرە، بەدوای بارانی مانایێکی جاویدان، کاتێ خوێنەر لەتە سیوێکی کێوی شیعرێ، ئەخاتە سەر زمانی، هەست بە پاکبوونەوەی دەروونی خۆی ئەکات، هەرکاتێکیش شاعیر کڵۆ قەندی چەند وشەیێ، ئەدۆزێتەوە، ئەکەویتە نێو پرۆسەی پاکبوونەوە، چونکە شیعر دواجار کثارسیزمە، ئیدی شیعری جوان و مانابەخش هۆیەکی گرینگە بۆ پاك بوونەوە لە هەموو گەڵایەکی ڕزیوی نێو دەروونی مرۆڤ.**

## شەرابی شیعر

تیتڕواسکی زیندووی شیعر، لە نێو گیاڕێزی ئاسمانی زمانێکی پاراودا، فڕینی خۆی خۆش ئەکات، هیچ شیعرێ لە نێو پەرێزی زمانێکی پڕ لە زیواندا باڵناگرێ، وەك چۆن ئاسکی شاخ لە ئاوێ هەڵئەبەزێتەوە بۆ ئاوێ، نەبادا سینەی بە ئاوێکی شێلوو بلەفتێ. شاعیریش ئەبێت بە دوای شەرابێکی خەستی شیعردا بگەڕێ، بۆ ئەوەی شەڵاڵی دەقێکی مەزن بێت و خوێنەر لەگەڵ خۆیا مەست بکات.

## ڕێکخراوی باڵندان

شاعیران سەر بە ڕەگەزی جاویدانی شیعرن، لە دڵی وشەکانیا لە دایك ئەبن، بە ڕستە و خاڵ و وێرگوڵ، مشت و ماڵ ئەکرێن، بە ئاوازی هەزار چەشنیا گۆشکراون و بە ڕیتمی ئیستەتیکا ئیتیکرێژ کراون، بۆیە ئەوان ئاوارتەن، من بۆ خۆم وا ئەندێشە ئەکەم، کە شیعر بزاڤبەندی کردووم و جووڵەی ئەبەدیی جیوەی پێ بەخشیووم، بۆیە من سەر بە ڕێکخراوی ئازادیی باڵندانم.

پارسەنگی ڕۆشنایی

بەدەست هینانی کریستاڵی شیعر، لە تاشە سەختەکانی زمان، بەدەست هینانی ئاڵتوونە، لە بنگەوەڕەکانی گڕکاندا، لەو کاتانەی شاعیر، تا شانی نوقمی لیتاوی مێژوو ئەبیت و گەوهەرکان ئەدۆزێتەوە، بەردەکانی بیری کوژاوە بە شیعر شەق ئەکا، زەمین لەرزە ئەخوڵقێنێ، من هەر ئاوام کرد، بەڵام ڕووناکی چاوم کردە قووربانی، شیعر پارسەنگی رۆشناییە، قوربانی زاتی شاعیری ئەوێت، کەواتە شیعر سیمبۆڵی ڕووناهییە.

## شیعری گەورە

وەك چۆن تاقە قوڵینگێ، ئەتوانێ سەراپای ئاسمانی بەرین، پڕ لە ئاوازی خۆی بکات و لە نێو قووڵایی زەویشداسینەی ڕێبوارەکان پڕ لە سروە بکات، هەرواش تاقە شیعرێکی مەزن، هێزی ئەوەی هەیە، سەرتاپای کولتووری مرۆڤایەتی سەرنجڕێژی خۆی بکات، ئەوە گەورەیی شاعیرە، ئەو موجیزەیە دەئافرێنێ.

## ئاگری وشە

تەنووری شیعر ئاگری تایبەتی خۆی هەیە، کە شاعیر بە سۆڵژانی ئەفسوون ئامێزی پەنجەکانییەوە، پەرەند و پۆلیەی ئەو ئاگرە ئەگەشێنێتەوە، ئەو شیعرانەی کە لە بەرزایی ئاسماندا، وەك مەلێکی تیشکاوێژ شریخەی پەڕ و باڵیانە، ئەوانەن کە ئاگری ناخیان لە دوور دوورەوە ئەدرەوشێتەوە، شاعیری بێ ئاگر، تەنوورێکی وێرانەیە، ئەبێ هەر شاعیرە و ئاگری خۆی هەبێت.

## ئاڵۆزیی دەق

ئاڵۆزیی دەسکرد لە نیو تەلاری شیعریدا، سیمای ئێستەتیکی ئەو تەلارە ئەخاتە نێو دیمەنێکی کرێتەوە، بەڵام سەوسەنی هێندێ مانا هەیە، کە ئاڵۆزییەکی زۆر جوان و پڕ بەرامە ئەبەخشێتە سیمای شیعرەوە، وا لە خوێنەر ئەکات، بکەوێتە دامان و ڕامانی قووڵەوە، ئەو ئاڵۆزییە کارامەیی شاعیری گەرەکە، ئاڵۆزییەکە بەدیهێنەری ئیستەتیکایە لە شیعر، ڕاستیی هەر کاتێ توانیت شەوبۆی ڕاستی لە نێو دەقی شیعری خۆتا بچێنی و هەستێکی شیرینی دۆزینەوە بخولقێنی، ئەوە دڵنیابە وەردی شیعرێکی گەورەت شۆداوەتەوە، بێ بوونی ئەو ئاشکراکردنە و ڕاستیی شیعریەت و جوانیی، هیچ شیعرێ بوونی نییە، شیعر چییە جوانیی نەبێت؟

## عەتری ئازادیی

هیچ مەلێ توانای فڕینی نییە و هەرگیز پێی لە زەوی نابێتەوە، بە باڵی بەستراوەوە، ئاوەهاش شاعیر بێ شووناسی ئازادیی، شیعرەکانی ئاوی ژیان ناخۆنەوە، ئازادیی باڵی فڕین ئەبەخشێ بە شاعیر، ئازادیی ناخەوەی شاعیر، ئەفرێنەری دەقی جاویدانییە، هەموو دەقێکی شیعری شێلراو بە عەتری ئازادیی ناخی شاعیر، دەقێکی سەرمەدییە.

## جاویدانیی

مرۆڤ تا ئەگات بە مەرگی ڕاستەقینە، هەزاران جار ئەمرێت، هەندێ جار بە نیگەرانی، هەندێ جاریش لە ئاستی  بەختەوەری، هەندێ جاریش شکست لە کارتەی ئەدات، مرۆڤ یەك مردنی نییە، بوونەوەرێکی عەجیبە هەندێ جار مردنی راستەقینەش پێی ناوێرێ، من ئەو مردنەم هەڵئەبژارد کە جاویدانی ئەبەخشێ بە ئینسان و تا هەتا بە زیندوویی ئەیهێڵێتەوە، ئەویش مردنە لە نێو ڕاڕەوەکانی شیعر

## بریسكانەوە

زور كەڕەتان بینیوتە، لە نێو ورشەی درەختێكی باڵابەرزی پڕ لە گەڵاو گوڵدا، لقێكی زڕ لە ناویا وشكی كردووە، گەڵاوگوڵ بەسەریەوە سیس هەڵگەڕاون، دیمەنی جوان و دڵفڕێنی ئەو درەختەیان خەمبار كردووە، زۆرجارانیش لە شیعرێكدا كە پڕ لە مانا و ڕستە و وشەی هەڵبژێردراون، ڕستەیەكی بێ ناوەرۆك، تەواوی بینای تەلارسازی ئەو شیعرەی داڕماندووە، بۆیە ئەبێ ئاگامان لە هەموو لایەك و ڕەهەندەكانی وشە و ڕستەكانی شیعر بێت، تا تەلاری ئەم شیعرە، وەك شووشە بېریسكێتەوە

* *

## گەشاوە بە

وەك گەڵای پونگ ڕووخۆش و بەرامەپڕژێن بە، باپێکەنین گەشانەوەی بخوردی سەر لێوەکانت بێت و دەوروبەرت پڕ لە بۆن و بەرامەی خۆش بکات، مەگری ئەو گریانە بۆ مەرگی هەڵۆکان هەڵگرە، دەمت بە قەندی وشەی پڕ لە مانا پڕ بکەرەوە، چی لەوە ناخۆشتر نییە شاعیر مڕومۆچ و دوڕدۆنگ بێت، بۆ ئەوەی ڕەوەی باڵداران لەسەر شانت هەڵبکورمێن و شانت پیرۆز کەن، ئەوە پۆرترێتی شاعیرە مەزنەکانە، کە لە تەنگترین ڕۆژانی ڕۆژگاردا، وەك گوڵ ئەگەشێنەوە، لەگەڵ تۆمە ئەی شاعیر، ئەی چرای هەمیشە داگیرساوی ڕێگای تاریك و سەختەندازەکانی ژیان، هەوڵ بدە لە دوورەوە وەك مەشخەڵێکی گەشاوە خۆت وەدەرخەیت و لە نزیکەوەش وەك کوانووی ئەستێران

## بۆ شیعر

شیعر بۆ من بە درێژایی چڵ ساڵ ، تەنها ئەو کەشتییە ئەفسووناوییە پڕ لە گەوهەرە نەبووە، کە من خۆم بۆ لە دەریا و زەریاکان داوە، تەنها ئەو هەڵۆ سپییە نەبووە کە من بە دوایا کێوی سەخت و ڕەوەزی دوورم بۆ بڕیوە، بەهەمان پێوانە ئەو پشکۆ نادیارەی یاقووتیش نەبووە، کە من لە پێناویا خۆم بەناو ئاگرا داوە، بەڵکو شیعر بۆ من جگە لەوانە ، ڕسکاندنی هەموو ئەو ئەو دەنگ و هاوارانەیە کە لەناخی مندا، وەك شەپۆل گینگل ئەدەن و بەرەو چوونە ناو نوورو ڕووناکی هانم ئەدەن، تا مکەن بە فێرژیل و ببم بە ڕێشاندەری هەموو ئەو کائیناتەی ناو سینەم و بەرەو لوتکەیان ببەم و نادیارییان بۆ بەرمەلا بکەم و بیاندەمە دەست ڕەها

## کاسەی پیرۆز

له بەردەوامی ژیان لەناوماڵی شیعر، لەوە گەیشتووم که شیعر نووسین، بەو هەموو سەختی دژوارییەوە ، کاسەیەکی پیرۆزە بۆ خواردنەوەی شەرابی جاویدانی، نابێ بکەوێتە ناو دەستی ئەوانەی، کە جیاوازی لە میانی پۆڵاو میتاڵەکانی تری وشەکان ناکەن، یا دەرك بە جیاوازی هەڵڕژانی گەوهەری ئاو و هەڵڕژانی کەف و کوڵ ناکەن، شیعر کانزای ئەفسوون و داستانی شەڕی خوداوەندەکانە، لەناو مەیدانی هزردا، لە سەر جوانی و داڕشتنی بەها دزراوەکانی هیوما نیزمیەت.

## کۆژیتۆی شیعر

جا کە شیعر کۆژیتۆی ئەو پڕۆسیسە سەختەی بەدەست هێنانی ڕەها و جوانییە بێت، بەسەر خەتی ڕاستەقینەی داهێنانەوە ، ئەوە بە قەڵەمی زەینی کوێرو هزری خواروخێچ ناکرێت، وەك ئەو داسە کۆڵ و ژەنگاوییەی لێدێت، کە دەچێتە گەردنی گوڵە گەنمە جوانەکانەوە، کەرەستەکانی شیعر سادەن ، بەڵام بەهەمان ئەو کەرەستە سادانەی شیعر، دەتوانین بیابان بکەین بە ئاو و لەرزە بخەینە جەستەی ئەم سەر زەمینە، دەتوانین بەو کەرستە سادانەوە شوێنی ئاسمان و زەوی بگۆڕین و لە قووڕی خەستی زەمەندا، گەوهەری ڕووناکی و تیشکی یاقووتینی ئەبەدییەتی داهێنان دروست بکەین

## داگیرسانی دڵ

شیعر فەلسەفەیە، نەك لە بەرگی لێكدانەوەی ئەم كەون و كائیناتە، وەك چۆن خودی فەیلەسووفەكان وادەكەن، بەڵكو لە بەرگی چنینەوەی ئەو هەموو دەنگ و سەدایەی كە لە نادیارەوە بۆ ئێمە هەڵدەرژێ و نایاندۆزینەوە، فەلسەفەی دۆزینەوەی یۆتۆپیایە، كوشتنی دێوەزمەی دیستۆپیایە، لە ڕێگەی ئەم تێگەیشتنەوەیە كە دەتوانین لەگەڵ شیعردا ئاشتبوونەوەیەكی ئاهەنگئامێز دروست بكەینەوە، شاعیر وەكو كەسێ وایە كەوتبێتە ناو دڵی تاریكی، لە نێو دارستانێكی چڕدا، كە تەنها بە دەرهێنانی دڵی دەتوانێ بە نێو ئەم تاریكییەدا گوزەربكات و ئەو دڵەی وەك مەشخەڵە ئاگرێك بكات بە ئامرازی پەڕینەوە.
جاكێ ئەتوانێ دڵی خۆی دەربهێنێ و بیكات بەو مەشخەڵە ، هەلبەت ئەوە مەحاڵی شاعیرە، چونكە شاعیر بەو دڵەوە ئەژیت، بەڵام ئەی ئەوە نییە شاعیر بەردەوام ئەو دڵەی لە نێو سینەدا هەڵئەقرچێ و ڕووناكی ئەبەشێتەوە بۆ هەموو ئەوانەی لە نێو تاریكی ئەو دارستانەی مرۆڤدا دەژین، ئەی ئەوە دڵی شاعیر نییە بۆ هەموو ئینسانەكان دەسووتێت و لە نێو قەفەزەی سینەدا هاوار ئەكات، ئەی دڵ دەرهێنان مانای چییە؟ هەر ئەوەیە كە شاعیر ئەنجامی دەدات.

## ترس لە شیعر

هێشتا هەن ئەوانەی دەرك بە ماهییەتی شیعر ناکەن، هەمان ئەو دەرك نەکردنە بە ماهییەتی شیعرە کە گەورەیی و ڕەندی پرۆسیسی شیعر پیشانی ئێمە دەدات، دەیسەلمێنێ ئەزموونەکان چەند قووڵ ببنەوە، ترس لە نووسینی شیعر ئەوەندە بەرز دەبێتەوە، کە شیعر خەباتێ بێت بۆ ڕاکردن لە دەست ترس و تاریکیة، لە هەمان کاتدا بە قووڵایی بردنی ئەزموونی شیعر هەمان ئەو ترسە لە نووسینی شیعر دروست دەبێتەوە، بەڵام ترسی یەکەم ترسێکی قێزەوەنە و ترسی دووەم ترسێکی پیرۆزە لە پێناوی ڕاگرتنی شەرەفی شیعر و پیرۆزکردنی شاعیر

## شیعری خاپ

کولتوری شیعری خراپ و لێکدانەوەی سەقەت و دەست بە شیعرەوە نەگرتن و تێنەگەیشتن لە ناموسی شیعر، پایەی شیعرییان بەسەر جەستەی خوداوەندەکانەوە، هێنایە خوارەوە بۆ سەر جەستەی ڕزیوی پەیامهێنەکانەوە، کە بە زمانی ئەو خوداوەندانەوە دەژین، بە جۆرێ جەستەی پیرۆزی شیعرییان هەلا هەلا کردووە، کە شاعیرانی بەر لە هەزار ساڵی خۆیان، لەبەر بۆنی گەنیوی شیعری ئەوانەوە، لە گۆڕەکانی خۆیان وەڕەس بووینە، ژن وەك پەیکەرێکی جوانی، ڕۆژ نییە نەکەوێتە بەر ڕمی سوارە خەسیوەکانی ناو جەستەی ئەسپەدارینەکانی تەروادە، جوانی، ڕۆژنییە مووی شمشێری دیمۆکلیسی بەسەردا نەپسێ، پرۆسیسی ناشیرنکردنی شیعر پرۆسیسی بەردەومی میدیاکانی کوردییە، لە کوردستان

## کلاسیکی پیرۆز

ئێمە لەساتە هەرەسەختەکانی ژیان بە درێژایی چڵ ساڵی تەمەنی شیعریمان، لانی کەم خۆم، شیعرمان لەناو دەستی خۆمان وەك خوداوەندێکی پیرۆز ، ڕاگرتبوو و لەژێر تیشکی خۆرەتاو و بارانی وەرزەکان و لافاوی تووڕەیی و چرپەی خۆشەویستی و دارستان و بیابان و چیاو دۆڵەکان و ڕەوەزە شاخەکان، پەنا دابوو، ئەو خوداوەندەمان بەرزدەکردەوە و دەبوو بە سوپەرو مەتەرێزی ئێمەو داهێنانمان بۆ پیرۆز دەکرد، بەڵام بەداخەوە کەوتە بەر دەستی ئەوانەی کە لە مانای پیرۆزییەت و قودسییەتی شیعر ناگەن، لە کاتێکا ئێمە جگە لە کولتووری پیرۆزی شیعروئەدەبیاتی پیرۆزی کلاسیکی شتێکی ترمان نییە.

## چی بڵێم

شیعر ئاگرە، کە ئاگرمان دەست نەکەوێ، ناچارین بە هەڵمەتێکی پرۆمیتۆسیانە دەست بە دزینی ئاگر بکەین، لێرەدا شاعیر ئەگەر دزێکی گەورە نەبێت، ئەزموونی دزیکردنی خەللاقی نەبێت، ناتوانێت بچێ بە گژ زەیوسەکان ، ئەو گەوهەرە جوانانەی لێبدزێ، دزینی تیشك و ئاگر، کە رەمزی شیعرو ئەبەدییەتی داهێنانە، تەنها کاری شاعیرە ڕاستەقینەکانە، کە لە ژێر پیرۆزییەتی شیعردا دەژین دوای چل ساڵ لە شیعرو شەونخوونی و ئازاری ڕاستەقینەو هەڵدانەوەی هەزارەها هەزا کتێب، چی دەربارەی شیعر بڵێم ئەی ئازادی ؟